کولتوری نەتەوە، لە کاتی جەنگەکاندا بە ئاسانی دەردەکەوێت. پرۆژەی لاقەکردنی ژنانی نەتەوەی دوژمن ناکرێت وەك غەریزەیەکی درندانەی سەربازانی نەتەوەی ئەمبەر چاوی لێبکرێت، بەڵکو ئەتکردن و پیسکردنی هەموو بەها کولتوریەکانی نەتەوەی ترە. ئەم چەکە کوشندەیە ئەمڕۆ لە زۆر جێگای دنیادا گەورەترین تراژیدیای خوڵقاندووە و قوربانییەکانی ئەو لە بۆسنێ و لە ڕواندادا، بێبەشترین کەسەکانی دوای خامۆشبوونی تەقەی تفەنگەکانن.

ئەوەی لەم پرۆسەی لاقەکردنەدا خاڵی سەرەتایی و بگرە ناوەندی ئەم کردارە سێکسییەیە، ئەو وێنەیەیە کە ناسیۆنالیزم لە نیشتیمان و نەتەوەی دروستکردووە. بە فێمینی کردنەوەی نەتەوە و نیشتیمان لەلایەن ناسیۆنالیزمەوە، تەواوی بەهاکانی شەرەفی ئافرەت لە نیشتیمان و نەتەوەدا کۆدەکاتەوە. کاتێك سەربازێکی سصربی لاقەی ژنێکی بۆسنەیی دەکات، ئەو دەیەوێت لە پێش هەموو شتێکەوە لاقەی نیشتیمانی سەربازانی بۆسنەیی بکات. ئەم پرۆسەی لاقەکردنە هێندە بە مانای پیسکردنی پیرۆزترین خاڵە گرنگەکانی سەربازانی ئەو بەرە، هێندە کردارێکی لەزەتبردن لە سێکی ژنان نییە. ئەو بەم کردارە نیشتیمانی سەربازانی بەرانبەر لاقەدەکات، ئەو نیشتیمانەی کەسەربازی ئەوبەر ئامادەیە گیان فیدایی بۆ بکات و ڕۆح لەسەر دەست بێت بۆی. چی لەوە گرانترە بۆ سەربازێکی ناسیۆنالیست



کاتێك پێی بڵێی کە نیشتیمانت لەلایەن سەربازانی ئەو بەرەوە لاقەکراوە.

ئێستا لە ناوەڕۆکی ئەو بەیتە شیعریانە دەگەین کە دەڵی: نیشتیمانم ئافرەتێکی ڕووت و قووتە و دوژمنانیش دەست بۆ قیتکەی مەمکی دەبەن. ئێستا لە مەغزای ئەو ناونیشانانە دەگەین کە لەسەر سنگی ڕۆژنامەکانی ئەوروپادا هەڵکۆڵراوە و داگیرکردنی عێراق بۆ کوێت دەکاتە لاقەکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە. ئێستا لە مەغزای وتەکانی ڤرجینا وڵف دەگەین کە دەڵێ:"وەك ژن من هیچ نیشتیمانێکم نییە. وەك ژن من هیچ نیشتیمانێکم ناوێت. وەك ژن نیشتیمانی من هەموو سەر زەوییە."

کاتێك لە مەغزای پاك بوون و داوێن پاکبوونی ژنەکانی ناسیۆنالیزم گەیشتین، ئەو ژنانەی کە ئەگەر لە وتارێکی حەماسییانەی سەرکردەیەکی ناسیۆنالیستدا جێگای ستایشکردنێکیان پێ ڕەوا ببینرێت، ئەوا بە ئاسانی گوێت لە وشەی ژنانی بەشەرەفی کوردستان دەبێت. بەشەرەف بوونیش هیچ مانایەکی دیکە ناگەیێنێت جگە لەم بانگەوازەی ناسیۆنالیزم بۆ کۆنترۆڵکردنی سێکسوالیتێتی ئەوان. ڕەنگە هێنانەوەی نمونەیەکی سادە ڕەهەندە شاراوەکانی ئەم خیتابەی ناسیۆنالیزممان بۆ ڕۆشنتر بکاتەوە. شیعاری "یەکپارچەیی خاکی عێراق، ئێران یاخود تورکیا" بۆ هەمووان ئاشکرایە. ئەم شیعارە کە لەلایەن دەسەڵاتدارانی سەرکوتگەری خەڵکی کوردستانەوە



بەرزکراوەتەوە، تەنها و تەنها یەك مەبەست لە پشتیەوەیەتی کە ئەویش جیابوونەوەی کوردستان و شکاندنی ئەفسانەیی یەکپارچەییە. بەڵام لە نێوان "یەك پارچەیی خاکی عێراق... " و "دەستگرتن بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردییەوە" خاڵێکی بنەڕەتی هاوبەش هەیە. ئەویش پرۆسەی جیابوونەوەیەکە کە ئیمکانی ڕوودانی هەیە. لە باری یەکەمیاندا خواستی جیابوونەوەی کوردستانە لە دەوڵەتە سەرکوتگەرەکانی کوردستان. دووەمیشیان خواستی جیابوونەوە و ڕزگارکردنی جەستەی ژنانە لە دەسەڵاتی کۆنترۆڵی باوکسالارێك.

خاڵێکی گرنگ کە دەبێ شایەنی سەرنجدانێکی ووردتر بێت، ئامادەیی چەمکی (دەستگرتن بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردییەوە) لە دەرەوەی کوردستان و لە ئەوروپادایە کە سەد هێندەی تر بارگاوی دەبێت بە خیتابێکی ناسیۆنالیستییەوە لە کۆمەڵگای نوێدا. ئەمجارەیان ڕۆڵەکانی نەتەوە لەبەرانبەر تاقیکردنەوەیەکی گەورەتردان بۆ بەرزڕاگرتنی پەیامی بەشەرەفبوونی ژنەکانی نەتەوە. ئەوەی لەم دۆخە تایبەتییەدا دەبێ سەرنجێکی زیاتری بدرێتێ جەبرەکانی ژیانی پەنابەرێتی و خستنەدەرەوەی پەنابەرە لە کۆمەڵگای نوێدا. "لەدەرەوەیی" لەمرۆکەی ئەوروپادا تەنها بەو گەڕەکە پەنابەر نشینانە ناوترێت کە لە گێتۆکانی سەردەمی دەسەڵاتی نازیستەکانی ئەڵمانیا دەچێت و لەناو جەرگەی شارەکانی ئەوروپادا کۆمەڵگایەکی تری لەناو هەناوی کۆمەڵگادا دروستکردووە. بەڵکو چەمکی "لە



دەرەوەیی" ئەم مانا جوگرافییایەی خۆی لەدەست دەدات و سەرتاپای ژیانی پەنابەر دەگرێتەوە. تۆ لەدەرەوەی کۆمەڵگادا نیت هەر لەبەر ئەوەی لە گەڕەکێکی پەنابەر نشینی دابڕاو لە کۆمەڵگادا دەژیت، بەڵکو تۆ لەدەرەوەیت چونکە پێناسەکانی کۆمەڵگای نوێ کە هەمیشە لەسەر دووبارە بەرهەمهێنانەوەی شوناسی "ئێمە" ی سویدی و ئەڵمانی و هولەندیە و تەواوی "ئەوانی دی" دەخاتە دەرەوەی سنوورەکانی کۆمەڵگای نوێوە. سەرڕەشبوون لەمرۆی لە ئەوروپادا مۆرێکە و بەناوچەوانی ملیۆنەها ئینسانەوە هەڵکۆڵراوە. ئەمە تەنها مۆری هەڵکۆڵراوی سەر ناوچەوانی ئەو کەسانە نییە کە لە ڕۆژگارێکدا هاتوونەتە ئەم وڵاتەوە، بەڵکو هەموو ئەو ئەوانەش دەگرێتەوە کە لە دایکێك یان باوکێکی سەر ڕەشن و یاخود لەلایەن دایك و باوکێکی سویدی یان ئەڵمانییەوە هەڵگیراونەتەوە . بەرزڕاگرتنەوەی دیوارەکانی نێوان "ئێمە" ی کۆمەڵگای نوێ و "ئەوان" ی تری کەسەر بەم کۆمەڵگایە نین، پرسیاری شوناس دەکاتە یەکێك لە دەمودەسترین و ئامادەترین پرسیارەکانی پەنابەر. کەم نەبوون ئەوانەی کە لە وڵاتی یەکەمی خۆیاندا سەریان لەبەردەم خوای گەورە و تەبارەك وە تەعالادا دانەئەنواندوو ئەوروپا ڕیشی پێهێشتنەوە و کردنیە فەندەمینتالیست. کەم نەبوون ئەوانەی ڕۆژێك ئاخێکیان بۆ کورد هەڵنەڕێشت و لە ئەوروپاشدا دەست بڵندترین چۆپیکێشەکانی جەژنەکانی نەورۆزی هۆڵەکانی ئەوروپان. لەناو ئەم جەنگی شوناسانەدایە کە ئینسان باشتر لە